دەیان زیندانی کراو لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان ژەهراوی کران

ئەمە سەرچاوەی میدیاکانی باکووری کوردستان بڵاویانکردەوە، "76 کەس لە بەندینخانەی ئامەدی باکووری کوردستان، پاش خواردنی ژەمی نیوەڕۆ باری تەندروستییان تێکچووە کە بەهۆیەوە هێواننی نەخۆشخانەی کراون".

ئاماژە بەوەشکراوە، لەو 76 کەسە 62یان زیندانیکراو بوون و 14 کەسی دیکەشیان کارمەندی بەندیخانەکە بوون کە لە ئێستادا 16 بەندکرا و 11 کارمەندی بەندینخانەکە دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی نەخۆشخانەیان جێهێشتووە، بەڵام 49 کەسی دیکەیان لە نەخۆشخانەی ماونەتەوە و لە ژێر چاودێری پزیشکیدان.

بڕیاری هەواڵی میدیاکانی تورکیا تا ئێستا هێکاری سەرکی ئەو ژەهراویبوونە نەزانراوە و لێکۆڵینەوەش لە هۆوداوەکە دەستیپێکردووە.